www.kurdistannet.org
24-10-2006 23:59بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## ئەگەر زاراوەی سۆرانی زمانی ستاندارت بێت! ... ئاسۆ بیارەیی

-2006-10-22 سوێد

زمان یەکێکە لە کۆڵکە گرنگەکانی بوونی نەتەوە کە تاکەکانی کۆمەڵگەیەک بە هۆیەوە هەست بە هاوبەشی نێوان خۆیان دەکەن و وەکو ئامرازێکی گرنگ بۆ پێوەندی بەکاری دەهێنن. گرنگ نیە نەتەوەی وڵاتێک، کام زاراوەی دەکات بەزمانی ستاندارت، زمانی فەرمی نەتەوەیەک پێوەندی بە ژمارەی ئەو کەسانەوە نییە کە پێی دەئاخەفن، بەڵکو بە بەهێزی ئەو زمانە کە لە زۆر ڕووەوە پەیوەستە بە ئایندەی یەکگرتنی نەتەوەکەوە.

لەبەر ئەوەی کوردستان نیشتمانێکی سەربەخۆ نیە، زمانەکەش تووشی گەورەترین شاڵاوی نەمان بووە. زیرەکی ڕۆشنبیران و سەرکردەکانی کورد لەوەدایە کە زاراوەیەکی گونجاو ئاسان، بۆ نموونە سۆرانی کە ڕەگی داکوتیووە، بکەن بەزمانی ستاندارت بۆ هەموو گەلی کوردستان، تاکو لە پاڵ زاراوەکانی خۆیاندا فیری ببن. بۆ نموونە لە شوێنی ئەوەی کە هەورامییەک و کرمانجێک پەنا بۆ زمانی تورکی، عەرەبی یا فارسی ببن بۆ لە یەکتر تێگەیشتن، با پەنا بۆ زاراوەی سۆرانی ببەن کە کوردیە، لێرەدا دوو ئامانج پێکەوە دەپێکرێن:

یەکەم: کاڵکردنەوە کاریگەری زمانی داگیرکەران و دوورخستنەوە لە ژیانی ڕۆژانە کە کورد وەکو نەتەوە گیری خواردووە بە دەستیەوە.

دووەم: نزیکردنەوەی زاراوەکانی دی لە یەکتر کە دەبێتە سەرەتای دروستکردنەوەی پردێکی دەروونی لە نێوانی تاکی ئەو دوو زاراوەیە و بنەمایەک بۆ زمانی هاوبەش.

کەواتە بە کارهێنانی زاراوەیەک کە ڕەگی داکوتیوە و ناسراوە لە سەرتاسەری کوردستان کە دەبێتە هۆی گرێدانی دەروونی نێو تاکەکانی کۆمەڵگە، جێگەی خۆیەتی کە پەرلەمانی باشوور، هەنگاوی بۆ بنێت و لە هەمان کاتیشدا پیرۆزی زاراوەکانی تر وون نەکات. گرێدانی دەروونی لە نێوان زاراوە جیا جیاکانی کوردستان، هەستی هاوبەشی و یەکبوون لە ناو نەتەوەیەکی پەڕەوازەدا دەگێڕێتەوە بۆ ئاساتێکی یەکگرتووی ئاسایی و هەست نەتەوایەتی بەهیزتر دەکات